ئەدەب و کولتوور
ڕووداو

# "سەرۆکی هێژا"ی دلاوەر قەرەداخی چاپ دەکرێ

ئا: سیروان عەباس


شاعیر و نووسەر دلاوەر قەرەداخی سەرقاڵی تەواوکردنی دوو کتێبە کە بڕیارە لە پاییزی ئەمساڵدا بکەونە بەر دیدی خوێنەرانی.

لەوبارەوە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "سەرقاڵی وەرگێڕانی دوو کتێبم کە لە قۆناخی کۆتاییدان و لە پاییزی ئەمساڵدا چاپ و بڵاویان دەکەمەوە".

دلاوەر هەروەها گوتی "کتێبی یەکەم ناوی (سەرۆکی هێژا) یە و بەسەرهاتی نووسەری ڕۆمانەکە خۆیەتی کە کەسێکی متمانەپێکراوی سەرۆکی پێشووی کۆریای باکوور بووە. کتێبەکە شاعیر و پیانۆژەنی کۆریای باکووری (ژین یانگ- سونگ) نووسیویەتی و من لە زمانی سوێدییەوە کردوومە بە کوردی. کتێبی دووەمیش ڕۆمانێکە بە ناوی (قیتاری ورد چاودێریکراو) کە لە نووسینی ڕۆماننووسی چیکی (بوهومیل هرابال)ە و لە زمانی فارسییەوە کردوومە بە کوردی. ئەم ڕۆمانە باس لە ڕووداوی تەقاندنەوەی شەمەندۆفێرێکی پڕ لە چەک و تەقەمەنی نازییەکان دەکات لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا لە شارۆچکەیەکی چیکۆسلۆڤاکیای ئەوکات".

کتێبی یەکەم ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەندێشە چاپی دەکات و کتێبی دووەم دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

دلاوەر قەرەداخی ساڵی 1963 لە سلێمانی لە گەڕەکی کانی ئاسکان لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی شێخ سەلام و ناوەندی لە ئازادی و ئامادەیی لە ئەزمەڕ تەواو کردووە. ساڵی 1986 ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بەشی شانۆی لە بەغدا تەواو کردووە. ساڵی 1982 یەکەمین بابەتی لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردووەتەوە. یەکەمین کتێبی شیعری بە ناوی (پەیکەرێک لە باران) ساڵی 1991 دوای ڕاپەڕین بڵاوکردووەتەوە. تاوەکو ئێستا 60 کتێبی چاپ و بڵاوکردوونەتەوە و شیعرەکانی بۆ زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی و فەرەنسی وەرگێڕدراون.





# ڕۆمانی «Y بۆ دوێنێ» پڕفرۆشترینە

نیویۆرک تایمز- نیویۆرک

هەفتانە ڕۆژنامەی "نیویۆرک تایمز" لیستی ڕۆمانە پڕفرۆشەکانی هەفتە لە ئەمریکا بڵاودەکاتەوە. هەفتەی ڕابردووش ڕۆمانێکی سۆ گرافیتۆن سەر تۆپی ڕۆمانە پڕفرۆشەکان بوو.

لەم هەفتەیەدا ڕۆمانی "Y Is for Yester-day" لە نووسینی سۆ گرافیتۆن لە پلەی یەکەمی لیستەکەدا هات و زۆرترین فرۆشی لەم هەفتەیەدا هەبوو.

لە پلەی دووەمی لیستەکەدا، ڕۆمانی "The Right Time" دێت کە لە نووسینی ساندار براونە. لە پلەی سێیەمیشدا ڕۆمانی "The Store" لە نووسینی جێمس پاتیرسۆن و ڕیچارد دیلالۆ بەرچاو دەکەوێ.

پلەی چوارەمی ئەم لیستە بۆ ڕۆمانی "The Whistler" بوو کە لە نووسینی جۆن گریشمایە، پلەی پێنجەمیش بۆ ڕۆمانی "Before We Were Yours" بوو کە لە نووسینی لیسا وێنگاتە.

جگە لە بەرهەمە ئەدەبییەکان، لیستەکەی "نیویۆرک تایمز" ناوی ئەو کتێبانەش ئاشکرا دەکات کە ئەدەبی نین و لە ماوەی یەکە هەفتەدا فرۆشیان زۆر بووە.

بۆ دیاریکردنی کتێبە پڕفرۆشەکانی هەفتە، فرۆشی کاغەزی و ئەلیکترۆنیی کتێبەکان کۆدەکرێتەوە و بۆ میدیاکان ئاشکرا دەکرێت.






# تابلۆیەکی بیکۆن چاوەڕێی شکاندنی ڕیکۆردە

ڕووداو- ئاژانسەکان

تابلۆیەکی فرانسیس بیکۆن، شێوەکاری ئینگلیزی پێشبینی دەکرێت لە دوای فرۆشتنی ببێتە گرانترین کاری هونەری لەسەر ئاستی ئەوروپا.

تابلۆکە لە شەشی تشرینی یەکەمی داهاتوو، لە زیادکردنێکی ئاشکرادا لە خانەی کریستی لە لەندەن بۆ فرۆشتن دەخرێتەڕوو، نرخی خەمڵێندراوی 60 ملیۆن پاوەندە.

تابلۆکە بەناوی "لێکۆڵینەوەی پاپای سوور-1962 کۆپی دووەم 1971"ـە کە لە ماوەی 45 ساڵی ڕابردوودا لە هیچ پێشانگەیەکی گشتی و چالاکییەکدا نمایش نەکراوە.


لە 2010 پەیکەرێکی ئەلبێرتۆ جیاکۆمێتی، پەیکەرسازی سویسری بە بڕی 65 ملیۆن پاوەند فرۆشراوە و وەک گرانترین بەرهەمی هونەری دەناسرێت کە لە ئەوروپادا فرۆشرابێت.

بیکۆن، لە 22ی کانوونی دووەمی 1561 لە ئینگلتەرا لەدایکبووە، لە نۆی نیسانی 1626 ماڵئاوایی لە ژیان کردووە، جگە لەوەی وەک شێوەکارێک ناسراوە، فەیلەسووف، پیاوی دەوڵەت و نووسەریش بووە.

# هێرتا مۆلەر

## یادەوەرییەکانی ترس و برینەکانی ستەمکاری

نووری بێخاڵی








● **لە مەنفای ڕۆحەوە بۆ مەنفای شوێن!**

هێرتا مۆلەر لە 17ی ئابی 1953 لە گوندی نیتزکیدرۆف لەناو خێزانێکی کەمینە ئەڵمانی، لە ناوچەی باناتی ڕۆژئاوای ڕۆمانیا، لەدایکبووە.

پاش جەنگی دووەمی جیهانی، ئەم کەمینە ئەڵمانییەی ڕۆمانیا (کە خێزانی مۆلەریش یەکێک بووە لەو کەمینەیە) لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕۆمانییەوە ڕووبەڕووی ستەم و چەوساندنەوەیەکی زۆر بوونەوە. سەروەت و سامانیان زەوتکرا، بەشێکی زۆریان گیران و خرانە زیندانەکانەوە، بەشێکیشیان بەزۆرەملێ بەرەو سەربازگەکانی بێگاریی یەکێتیی سۆڤیەتی ئەوکات، دوورخرانەوە.

خوێندنی زانکۆی لە بواری ئەدەبی ئەڵمانی و ڕۆمانی تەواو کردووە، دوای تەواوکردنی خوێندن، وەکو وەرگێڕێک لە کارگەیەک کار دەکات، بەڵام بەهۆی ڕەتکردنەوەی هاوکاریکردنی دەزگای پۆلیسی نهێنی و بوون بە سیخوڕی ئەو دەزگایە، لە کارەکەی دەردەکرێت.

ساڵی 1987 ڕۆمانیا جێدەهێڵێ و ڕوو دەکاتە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و دوای گیرسانەوەی لەو وڵاتە، وەکو مامۆستا لە زانکۆکانی ئەڵمانیا و ئینگلتەرا و ئەمریکا وانەی گوتووەتەوە و ساڵی 1988، لەگەڵ (هێرکی مێرکڵ)ی شانۆکار هاوسەرگیریی کردووە.

ساڵی 2009 و لە پای کارە ئەدەبییەکانی، خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرت، بەمەش بووە دوازدەمین ژنە نووسەر لەسەر ئاستی جیهان کە ئەم خەڵاتە وەربگرێت.

● **ئەزموونی نووسین**

سەرەتای ئەزموونی نووسینی مۆلەر، بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە وەک وەرگێڕ لە یەکێک لە کارگەکاندا کاری دەکرد، یەکەم کاریشی بڵاوکردنەوەی کورتە چیرۆکێک بوو بەناونیشانی (زەوییە نزمەکان، یان پێدەشتەکان کە ساڵی 1982 دوای سانسۆر و بڕین و کورتکردنەوە، وەک نۆبەرەی کارەکانی لە ڕۆمانیا چاپ کرا).

بە دوای ئەم کۆمەڵە چیرۆکەدا، ڕۆمانەکانی (پاسپۆرت – 1986) و (گەشت، یان کۆچ بەسەر تەنیا قاچێکەوە– 1989) و (ڕەنگدانەوەی ئەهریمەن لە ئاوێنەدا– 1991) و (ڕێوی ئەوکاتەی ڕاوچی بوو– 1992) و (پەتاتەی کوڵاو پێخەفی گەرمە– 1992) و (زەویی قۆخی سەوز – 1993) و (ئاژەڵی دڵ– 1994) و (برسێتی و ئاوریشم– زنجیرە وتار– 1995) و (خۆزگە ئەمڕۆ خۆمم نەدەبینی – 1996) و (ژوان– 2001) و (پادشایەک کڕنۆش دەبات تا بکوژرێ– 2003) و (پیاوە پەشۆکاو و فنجانەکانی قاوە – 2009) و (جۆلانەی دەروون– 2011)ی بڵاوکردنەوە.

● **زمان وەک ئامرازی ڕزگاربوون**

ئەو شتەی کە لە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەدا سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ، ڕیتم و مۆسیقای شیعریی ناو زمانی گێڕانەوەیە، مۆسیقایەکی هاوئاهەنگ لەگەڵ ڕەنگ و فیگەری تابلۆی ڕووداوەکان کە لە زەینی خوێنەردا جێ دەگرن. نووسەر لە میانی تەکنیکێکی بەرزی گێڕانەوەی بارگاوی بە زمانی شیعری، وەک ئەوەی لە هەندێ داستاندا دەیخوێنینەوە، یان ئەوەی لە ئەفسانەکاندا دەیبیستین، دەستی خوێنەر دەگرێ و دەیباتە ناو قووڵایی ئەو سرووتە ڕۆحییە بیمار و ئەو دۆخە ماددییە ناچیزە و قێزەونەی کە سیستەمێکی دیکتاتۆری لە ڕێگایانەوە مرۆڤ قانگ دەدات و لە ڕەهایی جوڵە و بزاوتی ژیان دەیخات.

نووسەر لە بەرهەمەکانیدا زۆرێک لە چوارچێوە ئامادەکراو و گوزارشتە سواو و دەربڕینە کلێشەییە دووبارەکانی تێکشکاندووە. ئەو بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەزموونی نووسین و ئەو زمانەی تێیدا باڵادەست بووە لە بەکارهێنانی، بە ئەزموونی داهێنانی خۆی دەبەستێتەوە. ئەو ئەزموونەی دواجار ڕەنگدانەوەی ژیانی پڕ چەرمەسەری و سەختیی خۆی و کۆمەڵگاکەیەتی. بەو مانایەی بەلای ئەوەوە وەزیفەی زمان ڕزگارکردنی مرۆڤ نییە، بەڵکو زمان کۆمەک بە مرۆڤ دەکات کە دەرەقەتی ئەو سەختییە بێت و بەرگەی ئەو نەهامەتی و ناسۆرییانەی ژیان بگرێت. بۆیە پێیوایە ئەزموونی نووسین جۆریکە لە خوێنبەربوونی یادەوەریی مرۆڤ و لە دۆخێکی وەهاشدا زمان بەنداوێکی باشە بۆ ئەوەی بە هۆیەوە تنۆک تنۆکی ئەم خوێنپژانە گل بداتەوە.

● **نۆستالژیای دەستەسڕ – دەسڕۆک!**

لە ڕێوڕەسمی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ و لە میانی پێشکەشکردنی وتەی سوپاسگوزارییەکەیدا، مۆلەر بە جۆرێک لە سەرسوڕمانەوە پرسی: "ئایا دەکرێ پرسیارکردن لە بارەی دەستەسڕەوە، هەرگیز بە مانای دەستەسڕ خۆی نەیەت، بەڵکو بە مانای ئەو یەکە پێوانەییە بێت کە مرۆڤ شتێکی دیکەی پێ دەکێشێ؟".

لە ڕاستیدا ئەم چەمکی دەستەسڕە لە زمانی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیدا، سیمبولێکی گرنگە. لە لایەک وەک نیشانەی خۆشەویستی و سۆزی دایکی بۆ ئەوی منداڵ، لە لایەکی دیکەوە وەک هەستکردن بە ئازارە مرۆییەکان لە جۆری سەرکوتکردن و ستەمکاری، ڕاوەدوونان و گرتن، ئەشکەنجەدان و لەمرۆخستن، بەزۆر وەدەرنان لە نیشتمان، ئۆردوگا زۆرەملێیەکان و بێگاری، بەتایبەتی ئەو سوخرە کێشییەی هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی کە لە سەربازگە زۆرەملێیەکانی (ستالین)دا بەدەستیانەوە دەیاننااڵاند.

دەستەسڕ، یەکێکە لەو ئاماژە و هێمایانەی کە لە ڕێگایەوە، کرۆکی بەشێک لە نووسین و ناوەڕۆکی کارەکانی مۆلەری پێ دەناسینەوە. وشەیەک لە گەمەی چەند بارەکردنەوەی زمانەوانی و هونەری تەوزیفکردنەوەدا، نووسەر لە شوێنکاتی جیا و بە مانای جیاواز بەکاری دەهێنێت.

مۆلەر لە هەر گەڕانەوەیەکیدا بۆدووبارە بەکارهێنانەوەی ئەم وشەیە، دەیەوێ ئازارێکی دیکەی مرۆڤ بگێڕێتەوە، وێنەیەکی دیکەی ستەم بکێشێ، ئاوازێکی تری ناسۆری بچڕێت. بەجۆرێک، دەستەسڕ لە شوێنکاتێکدا ئاماژەیە بۆ پتەوی و قووڵیی پەیوەندیی نێوان مۆلەر و دایکی (لە یەک کاتدا، دایکی بایۆلۆژی، نیشتمانی دایک) و گریان بەسەر ساتەوەختەکانی منداڵی و دەربەدەری، لە شوێنکاتێکی دیکەشدا هێمایە بۆ ڕووباری فرمێسک و گریانی نەبڕاوەی مرۆڤێک و هاوزمان و نەتەوەکانی بەدەست زوڵم و جەوری سیستەمێکی دژ بە مرۆڤ و مرۆڤایەتییەوە.

خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش کە لە بەرهەمەکانیدا هەستی پێدەکەین، لە سێبەری وشە و دەربڕینەکانیدا دەیبینین و لە دەنگی گێڕانەوەکانیدا دەیژنەوین، ئەوەیە کە مۆلەر سەرەڕای هەموو ئەو نەهامەتی و سەختیانەی ژیان، نەک هەر لە ژیان بێهیوا نەبووە، بەڵکو ترسی لە مردن هەبوو. ترس لە مردن بەو مانایە نا کە لەوە بترسێ، وەک جەستە و دوا وێستگەی ژیان، بمرێت. بەڵکو ترس لەوەی، مردن بواری نەدات ئەم ناسۆریانە بنووسێتەوە .. ترس لەوەی، نەتوانێ برینەکانی ناو یادەوەریی خۆی یاداشت بکات.. ترس لەوەی فریا نەکەوێت ئەو مێژووە سیخناخ لە ستەم و ستەمکارییەی سەردەمێکی وڵاتەکەی، بۆ نەوەی دوای خۆی بگوازێتەوە. بۆیە هەمیشە وەک تینووی وشە دەهاتە بەرچاو، دیارە وشە وەک ئامرازی خۆشوناسکردنەوە، وەک ئاوێنەی ڕووداو، وەک پردی مێژوو.

● **نیشتمان، سەرزەمینی تەحەمولنەکراو!**

بە وردبوونەوە لە نووسین و ئەزموونەکانی ژیانی نووسەر، بەتایبەتی ئەزموونی منداڵی و کوێرەوەرییەکانی دواتری، لەوە تێدەگەین کە ئەم پرسیارکردنەی لە بارەی (دەستەسڕ)، نەک هەر پرسیارێکی پووچ و بێ مانا نییە، بەڵکو هەوڵێکی دیکەی زیرەکانەی نووسەرە بۆ سەرنجڕاکێشان و شۆککردنی بەرامبەر (خوێنەر). ئاخر کاتێک ئەم پرسیارە بە دیوە نەگوتراوەکەیدا دەخوێنینەوە، دیوی نەگوتراوی مێژوو و ڕووداوەکان، دیوی ئەزموونکردنی ژانەکانی هەناوی ستەمکاری، ئەو دیوە دەبینین کە مۆلەر ساڵانێکی زۆری تەمەنی، نەیتوانی لە بارەی ئەزموون و ئەو ترسە کوشندەیە قسە بکات کە لە ڕۆمانیا و لە سەردەمی حوکمڕانیی چاوچیسکۆدا هەبوو. ئیدی ئەو دەمە تێدەگەین کە گەڕانەوە بۆ ئەو پرسیارە، هەوڵە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی نەپچڕاوی نێوان مۆلەری مرۆڤ و منداڵی، مۆلەری منداڵ و خۆشەویستی و سۆز و چاودێریی دایک، مۆلەری نووسەر و سێبەری دیکتاتۆریەت، مۆلەر و دەست نەرمکردنی لەگەڵ تراژیدیای ڕووداو و دەرگیربوونی بە مێژووی خوێن، مۆلەر و یادەوەریی بریندار، مۆلەر و نیشتمانەکەی ناوی، ئەو نیشتمانەی کە لەبارەیەوە دەڵێ: "نیشتمان ئەو شوێنەیە، کاتێ مرۆڤ تیایدا دەژییێت، ناتوانێ بەرگەی بگرێ، کاتێکیش لێی دووردەکەوێتەوە، هەرگیز ناتوانێ لەبیری بکات".

بەشێوەیەکی گشتی، ئێش و ئازار و ستەم و نامۆیی، ڕوخساری دیاری نووسینەکانی هێرتا مۆلەرن، بەو پێیەی لە ڕێگای نووسینەکانییەوە کوێرەوەرییەکانی مرۆڤ لە ڕۆمانیا دەگێڕێتەوە.

ئەوە بۆیە سەرباری دەربازبوون لە کۆتی ستەمکاری و گیرسانەوەی لە ئەڵمانیا، بەڵام تەوەری سەرەکیی کارە ئەدەبییەکانی، دەربارەی دەسەڵاتی کۆمۆنیستی لە وڵاتی دایک و ئەو ستەم و زۆرە بوو کە خەڵک بەدەست دەسەڵاتە تاکڕەو و دیکتاتۆرییەکەیەوە گیرۆدە بوون.

● **ترس وەک خێوی ژیان**

چەمکی ترس یەکێکی دیکەیە لەو چەمکانەی لەناو کۆی بەرهەمەکانی مۆلەردا، بە ڕەنگ و ڕوخسار و دەربڕین و مەبەستی جیاواز، ئامادەیی هەیە. ترسێکی کوشندە کە ئامرازی دەستی سیستەمە و بە شێواز و میکانیزمی جودا و لە شوێنکاتی جیاوازدا بەرامبەر هاووڵاتی پیادەی دەکات. ترسێک ئامانجەکەی لەمرۆڤخستنی مرۆڤە لەپێناو بەخشینی پیرۆزی بە دیکتاتۆر، لە پێناو درێژکردنەوەی تەمەنی دیکتاتۆر، دواجار لەپێناوی پاراستنی شکۆی ساختەی دیکتاتۆر. ئەو ترسەی کە سیما و ئەدگار و کاریگەرییەکانی لە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکەس و کۆ، ژن و پیاو، منداڵ و گەورە، خێزان و گرووپدا ڕەنگ دەداتەوە. ترسێک لە ئاوێنەنمای دۆخی تێکشکاوی ڕۆحی و باری شڵەژاوی دەروونیدا، تا ئاستی هەستکردن بە شێتبوونی مرۆڤەکان بەدەست بیم و سام و تۆقاندنی دەزگاکانی سیستەم و جەللادەکانییەوە، هەستی پێدەکەین. ئەوە بۆیە لە شوێنێکدا مۆلەر دەڵێ "چاوچیسکۆ شێت بوو، لەگەڵ خۆیشیدا نیوەی ڕۆمانیای شێت کرد، منیش یەکێکم لەو شێتانە".

بە وردبوونەوە لە نووسینەکانی مۆلەر و خوێندنەوەی نەگوتراوەکانی پشتی دالی ترس لە بەرهەمەکانیدا، لەوە تێدەگەین کە ئەو ترسەی سیستەم لە ناخی مرۆڤەکاندا چاندوویەتی، بە تەنیا ترسێکی سروشتی نییە، ئەو ترسە سروشتییەی کە هەر کەسێک لە ژیانی خۆیدا و بەهەر هۆیەکەوە بێت، ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەڵکو لە یەک کاتدا ترسێکە ئاشکرا و شاراوە. بە مانایەکی ڕوونتر، ئەو ترسە تەنیا بەرهەمی زەبروزەنگ و ئەشکەنجە و کوشتن و بەکارهێنانی چەک نییە، بەڵکو ترسێکە لە فۆڕمی جۆراوجۆردا خۆی نمایش دەکاتەوە. لە زەبروزەنگ و تۆقاندنەوە، تا بێدەنگکردن.. لە گرتن و ئەشکەنجەدانەوە، بۆ ڕاوەدوونان و دەرکردن..لە کوشتنی جەستەییەوە، هەتا شەڕی دەروونی و تێکشکاندنی ڕۆح. تەنانەت ترسێکە وەک سێبەری خێوێک بەسەر دارو دیوارەوە، لە شەقام و کۆڵان، لەناو ماڵ و باخچە، لەسەر شاشەی سینەما و سەر تەختەکانی شانۆ دەبینرێ. ترسێک تا ئەو ئاستە ڕۆدەچێتە قووڵایی ڕۆح و یادەوەریی مرۆڤەکانەوە کە لە دووریی هەزاران کیلۆمەتریش لێی جیانابێتەوە. مۆلەر کە قوربانییەکی دەستی ئەم خێوی ترسەیە، زۆر بە جوانی و لە میانی زمان و گێڕانەوەدا، ئەو دوورییەی نێوان ڕۆمانیا و دونیا و کاریگەری و سێبەرەکانی ئەو ترسە تەوزیف دەکاتەوە، ترسێک کە سەرەڕای ئاوابوونی خۆری دیکتاتۆری ستەمکار، کەچی هێشتا بە قووڵی لە یادەوەریی قوربانییەکاندا جێی گرتووە.

● **(پاسپۆرت – 1986)**

لەم ڕۆمانەیدا، نووسەر لە میانی باسکردن لە ژیانی گوندێکی دێرینی کەمینە ئەڵمانی ناو قەڵەمڕەوی ڕۆمانیا، ئاماژە بە بێهێزیی مرۆڤ لە ژیان و بێدەسەڵاتییەکەی لە ئاست دیاریکردنی چارەنووسی خۆی دەکات.

پاسپۆرت لە باری ناوەڕۆکدا، بە دیوێک لە دیوەکانیدا، جۆرێکی دیکەی ئەو شێوە گوزارشتکردنەیە لە ڕابردووی یادەوەرییەکانی مرۆڤ، ئەوەی لەناو دونیای ئەدەبیات و شیعری عەرەبیدا بە (البكاء على الاطلال) ناسرابوو. گریانی مرۆڤ بەسەر وار و زێد و لاواندنەوەی ڕابردووی ژیانی خۆی لەو جوگرافیایەی کە بووەتە بەشێک لە بیرەوەری. بە دیوەکی تردا ڕەخنەیەکی جددییە لە ڕەگ و ڕیشەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و حوکمڕانییەک کە مرۆڤ لە هەرچی بوون و بەها و شکۆ هەیە، دادەماڵێ. سیستەمێک کە نەک تەنیا ئازادیی ڕادەربڕین، بەڵکو ئازادیی گەشت و گەڕانیش لە مرۆڤ زەوت دەکات، تا ئەوەی ناچار بێت لەپێناو دۆزینەوەی ڕێگادەربازێک، قوربانی بە پیرۆزییە مرۆییەکانی خۆیشی بدات.

خێزانی (فیندیش) کە بە ڕەچەڵەک ئەڵمانین، وەک زۆر خێزانی دیکە خەون بە پاسپۆرتێکەوە دەبینن بۆ ئەوەی ئەوانیش هەرنا ئەگەر بۆ گەشتیش بێت، سەرێکی دونیای دەرەوەی خۆیان بدەن. وەلێ وەک ئەوەی ژیان لە سووری خۆی وەستابێت، لە هەوڵی وەدەستهێنانی پاسپۆرتدا، چاوەڕوانی دەیانخوات.

پاسپۆرت چیرۆکی گێڕانەوەی شکۆشکاندنی خێزانێکی بە ڕەچەڵەک ئەڵمانی گوندێکی ڕۆمانیایە (وەک مشتی خەراورێک) کە لە سایەی دەسەڵاتدارێتیی (چاوچیسکۆ) داو لەپێناوی دەسکەوتنی پاسپۆرت و ڕاییکردنی مامەڵەکانی گەشت، کچێکیان قوربانی بە کچێنی و پاکیزەیی خۆی دەدات.

لایەنێکی دیکەی ڕۆمانەکە، وەسفێکی وردی ئەو ئێش و ئازارە دەروونی و ڕۆحییەیە کە کەمینەی ئەڵمانی – ڕۆمانی، دوای بە زۆرەملێ ڕاگواستنیان لە سەربازگەکانی یەکێتیی سۆڤیەتدا چەشتوویانە.

● **(گەشت بەسەر تەنیا قاچێکەوە – 1989)**

نووسەر لەم ڕۆمانەیدا ئەزموونەکانی تاراوگە و گێژاوەکانی دەگێڕێتەوە، لە ڕێگای پاڵەوانی چیرۆکەکەی (ئیرین) کە کچێکی تەمەن سی ساڵانە و لە وڵاتێکی دیکەوە بەرەو ئەڵمانیای ڕۆژئاوا سەری هەڵگرتووە، وێستگەگەلێکی زۆری ژیانی تاراوگەنشینی خۆی و تەقینەوەی کانیی سۆز و خۆشەویستی بۆ نیشتمانەکەی، دەخاتەڕوو. سەرەڕای هەندێ جیاوازی لە نێوان کەسایەتیی پاڵەوانەکە و باکگراوندی ژیانی لەگەڵ مۆلەر خۆی، وەلێ تەونی ڕووداوەکانی ناوی لەباری شوێنکاتەوە بە شێوەیەک چنراوە، خوێنەر بە خوێندنەوەیان هەست بەوە دەکات کە (ئیرین) خودی نووسەرە، بەڵام لەسەر زمانی ئەو، هاتووە خۆی دەنووسێتەوە.

گەڕانەوەی پاڵەوان بۆ سەرزەمینی نیشتمان، تەوەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، وەلێ گەڕانەوەیەکی سەیر. بازاڕێکی بچووک لە نزیک ماڵی (ئیرین) هەیە، سەرەتای ڕۆژێکی ئەگەرچی گەرمە، بەڵام ئاماژەیە بۆ هاتنی وەرزێکی نوێ و زەوی لە چاوەڕوانی فرێدانی کاژێکی دیکەدایە. بازاڕی ئەو ناوە جمەی دێ، دەنگی فرۆشیارەکان و بۆنی کەلوپەلەکانیان کە هەر لە هی شتی کۆنە دەکات، سنگی ئەو ناوە دەسمن و بە بۆشایی نێوان درەختەکان، بن باڵی گەڵا، کەلێنی دەرگا و درزی پەنجەرەکاندا ڕەت دەبن و سەر بە ژووری ماڵەکاندا دەکەن.

ئەو ناوە گیا و ڕووەکی هەمەچەشنی لێ ڕواوە، بۆنی یەکێک لەم ڕووەکانە کە بایەک هێناویەتیە ژوورەکەی، دەیباتەوە نیشتمان. ڕووەکێکی تاراوگە کە خەیاڵی بۆ ئەوە دەبات، بۆنەکەی هی سەرزەمینێکی دیکە بێت، بۆنی سەرزەمینێکی ئاشنا کە لەناو سەری خۆیدا و لەوێ لەگەڵ خۆی هێنابێت.

ئیرین زۆر هەوڵ دەدات خۆی لەم خەیاڵە دەرباز بکات، بۆ ئەوەی جارێکی دی بیرەوەری ئازاری نەدات، بەڵام سەرکەوتوو نابێت. ئیدی نووسەر ئەم بۆنە و لەگەڵیدا هەندێ وردە کەرەستە و شت و ژینگەی تەنگی بچووکی ژوورەکەی، دەکاتە پاساوی هەڵدانەوەی لاپەڕەی یادەوەرییەکان و سۆز بۆ نیشتمان و کولاندنەوەی برینەکانی ئاوارەیی و تاراوگەنشینی و تەنیایی.

● **(ئەو ڕۆژگارەی ڕێوی بۆ خۆی ڕاوچی بوو – 1992)**

وەک ئەوەی چامەیەکی شیعری بخوێنیتەوە، زمانی گێڕانەوە لەگەڵ خۆیدا دەتبات. بەو پێیەی زمانێکی باڵای شیعری و وێنەی شیعریی سەرنجڕاکێش بەسەر زمانی گێڕانەوەیدا زاڵە. ئەگەرچی گرتە و دیمەنەکانی، ڕەنگدانەوەی باری شڵەژاوی دەروونی و دۆخی تێکشکاوی ڕۆحیی کاراکتەرەکانین کە پڕن لە ترس و ڕاڕایی و دڵەڕاوکێ، بەڵام سەرەڕای دیوی تراژیدیی وێنەکان و دراماتیکیی ڕووداوەکان، زمانە شیعرییەکەی بۆ خوێندنەوەی کێشت دەکات و تامەزرۆیی دۆزینەوەی نهێنییەکانی پشتی ئەم خەمۆکی و دڵەڕاوکێیە و ناسینەوەی ڕوخسارەکانی سەرچاوەی ئەم هەموو بیم و ترسە، دەڕژێتە ناوت. بە مانایەکی تر، خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە وەک ئەوە وایە بەدیار تابلۆیەکی هونەریی ئەبستراکتەوە وەستابیت، پێویستیت بە بینینێکی ورد و ڕامانێکی قووڵ هەبێت بۆ خوێندنەوەی ئەودیوی هێڵ و فیگەرەکان. تابلۆیەکی ئاڵۆز کە ناچارت دەکات، قەیرێک بەدیار تەفسیری سێبەر و ڕەنگەکانییەوە بمێنیتەوە.

ڕۆمانەکە پڕە لە وێنەی شیعری، نووسەر لە میانی گێڕانەوەیەکی سەرڕێژ لە ڕیتمدا، ڕیتمی هاوئاهەنگ، هەوڵی کردنەوەی کۆدەکانی ستەمکاری دەدات و بە توولەڕێ باریک و سەختەکاندا دەستت دەگرێ تا سەرکەویتە سەر لووتکە، بۆ ئەوەی لە بەرازییەوە بەسەر قووڵایی ستەمدا بڕوانیت و یەک یەک، خانە خانەی ژەهراویی عەقڵیەتی ستەمکار ببینیت.

● **(جۆلانەی دەروون – 2011)**

ڕۆمانێکە ژیاننامەی نووسەر دەگێڕێتەوە. پاڵەوانی ڕۆمانەکە کە ناوی (لیۆ ئۆبێرگ)ە، لە بنەڕەتدا وێناکردنەوەی کەسایەتی (ئۆسکار باستیۆر)ی شاعیرە.

ڕۆمانەکە گێڕانەوەی نەهامەتییەکانی دوورخستنەوە و بەزۆر بردنە سەربازگە و ئۆردوگاکانی بێگارییە. بە جۆرێک لە جوگرافیای ڕۆمانەکەدا هەموو کەس سیما و ڕوخساری ماندووی خەڵکە دوورخراوەکان دەناسنەوە، بەڵام کەس ناتوانێ لەبارەیانەوە قسەیەک بکات. نووسەر ئەم ڕۆمانەی کردووەتە ئاوێنەنمای بیرخستنەوەی ڕابردوو و مێژووی نیو سەدەی ڕۆمانیای فاشیست. مۆلەر لەوێدا باس لە ئەزموونی خەڵکی دوورخراوە و بەزۆر ڕاپێچکراوی گوندەکەیان دەکات، هەر بەوەش ناوەستێ و دەچێ لە زمانی باستیۆری شاعیرەوە کە یەکێک بووە لە قوربانییەکانی سەربازگەکان و شایەتحاڵی ئەو ڕۆژانە بووە، سۆراخی وردەکاریی ژیانی سەختی ئەو ڕۆژانە دەکات.

چیرۆکنووسی کورد هێشتا لە دووانەی (من/ دوژمن) دا دەژی



ئێمە هێشتا خاوەن ڕەوتێک بەناوی ڕەخنەی چیرۆکی کوردی نین

## نووسەر و چیرۆکنووس فەڕووخ نیعمەتپوور:

# چیرۆکنووسی باش چ لە فۆڕم و تەکنیکدا و چ لە ناوەڕۆکدا ڕچەشکێنە

**رووداو: چیرۆک چییە؟**

**فەڕووخ:** چیرۆک بەگشتی گێڕانەوەی رووداو یان رووداوگەلێکە، جا رووداوێکی دەرەکی و فیزیکی بێت، یان رووداوێکی دەروونی و رۆحی. بەڵام کاتێک دەتوانین ئەم گێڕانەوەیە ناوی چیرۆکی لێ بنێین کە بەرگی مۆدێرن لەبەر بکا. واتە هەندێ تایبەتمەندیی نوێ هەیە کە ئەم شێوە گێڕانەوەیە لە شێوازەکانی پێش خۆی، بۆ وێنە حیکایەت، جیادەکاتەوە و ئیتر دەتوانین پێی بڵێین چیرۆک. بۆ وێنە:

- لە چیرۆکدا لەگەڵ کەسایەتی رووبەڕووین، واتە مرۆڤ قارەمانی سەرەکییە.
- خاوەن کات و شوێنی دیاریکراوە.
- خاوەن رەوتێکی "هۆ ـ هۆگر"ە، واتە "علت و معلول".
- لۆژیکێکی دەروونی، رووداوەکان یاخود بەسەرهاتەکان پێکەوە گرێدەدا.
- خاوەن سترۆکتۆرە.
- کەڵک لە زمانی ئەدەبی وەردەگرێ. بە گوێرەی وتەی فۆرمالیستە رووسەکان ئەم زمانە دەبێ لە توانای "سەرسامکەری" بەهرەمەند بێت، ئەگەرچی ئەم توانایە رێژەییە و لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێ.
- داهێنراو بێت، واتە نابێ گێڕانەوەی کتومتی واقیع بێت.
- لە کاتی خوێندنەوەدا قووڵبوونەوە لە خوێنەردا چێبکا، واتە ببێتە هۆی زانیاریی زیاتر، یاخود هەستی جوانناسیی زیاتر لەسەر رووداوێک.
- سەرنجراکێش بێت، واتە ناکرێ هەموو رووداوێک هەوێنی چیرۆکی تێدا بێت. گەر تێشیدابێت، دەبێ وەها تانوپۆکەی بچنرێتەوە کە سەرنجراکێشی لەگەڵ خۆی بەرهەم بهێنێ.

**رووداو: چی کۆمەکی چیرۆکنووس دەکات تاوەکو بتوانێ چیرۆکێکی باش بنووسێ؟ مەرجی چیرۆکێکی باش بەلای تۆوە چییە؟**

**فەڕووخ:** هەموو ئەو سەرنجانەی سەرەوە کە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسمکردن، یارمەتیدەرن. تەنانەت واوەتریش، ئەمانە بنەما سەرەکییەکانی مەرجی نووسینی چیرۆکن. بە کورتی دەتوانم بڵێم کە دەکرێ ئەمە لە دوو گرووپدا کۆبکەینەوە: یەکەم شارەزایی لەسەر تەکنیک و دووەم شارەزایی لەسەر ناوەڕۆک.

هەموو کەسێک دەتوانێ فێری تەکنیک و مەرجەکانی نووسینی چیرۆک بێت، بەڵام ناوەڕۆک شتێک نییە لە رەگەزی تەکنیک. واتە لە بەشی ناوەڕۆکدا هیچ وەڵامێکی لەوە پێش دیاریکراومان نییە. نووسەر دەبێ ئەوەندە چیرۆک بخوێنێتەوە هەتا شێمایەک دێتە زەینییەوە. دواتر لە رێگای تاقیکردنەوە و هەڵەوە بۆ خۆی بە شێوازی خۆی دەگات. دیارە چەمکی تەکنیکیش چەمکێکی بزۆز و بگۆڕە و رۆژ بە رۆژ خۆی دەوڵەمەندتر دەکا.

کەواتە چیرۆکنووسی باش چ لە فۆڕم و تەکنیکدا و چ لە ناوەڕۆکدا بە جۆرێک رچەشکێنیشە.

**رووداو: ئەوە زمانە یان تەکنیکە کە شێوازی چیرۆک دیاری دەکات؟ دواتریش، ئایا لەڕێی زمانەوە بەر ئەزموونێکی نوێ تەکنیک دەکەوین؟**

**فەڕووخ:** بە رای من هەردووکیانە. گەر ئەم دووانە پێکەوە بن ئەوا دەتوانین باس لە شێواز بکەین. بەڵام زمان پشکی شێری بەردەکەوێ. لەبەر ئەوەی زمان ئامرازی سەرەکیی چیرۆکە، کەواتە نووسەر دەبێ گرینگیی زیاتری بداتێ. لەبیرمان نەچێ کە لە رێگای زمانەوەیە مانا دەخوڵقێ. جا زمانێک نەتوانێ مانا بخوڵقێنێ ئەوا تەکنیکی دونیایشی بدەیتێ هێشتا دۆشداماوە. بە رای من لە رێگای زمانەوەیە قووڵایی مانا چێ دەکرێ و تەکنیکی باشیش زیاتر یارمەتی ئەم پرۆسەیە دەدا. هەموو باسەکە لەسەر پێکهێنانی هارمۆنییە لە نێوان ئامرازە جۆراوجۆرەکانی چیرۆکدا. نووسەر دەبێ لە کاتی نووسیندا ئاگای لەوە بێت قورسایی زیاد لەڕادە نەداتە بەشێک و زوڵم لە بەشەکانی تر بکات. هەروەها لەبیرمان نەچێ کە خەمەکانی ناو چیرۆک دەبێ خەمێکی گشتی بن یاخود خەمێک بن کە بتوانن خۆیان بەگشتی بکەنەوە، واتە بە باسکردنیان سۆز لەوی تردا چێبکەن. ئەوە راستە کە ئەدەبیات شوێنی باسکردن و راهێنانی دونیای تاکە، بەڵام ئەم تاکە دەبێ بەجۆرێک تاکێکی گشتی بێت، واتە پەیوەندی لەگەڵ تاکەکانی تردا دروست بکا و ئەوانی تریش تاکایەتی خۆیانی تێدا ببیننەوە.

**رووداو: هەندێک لە چیرۆکنووسان گوتە و ڕستەی تەمومژاوی دەخەنە ناو چیرۆکەکانیانەوە کە ئەوە هونەری گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ئاڵۆز کردووە. تۆ ئەمە بۆچی دەگەڕێنییەوە؟**

**فەڕووخ:** گەمە بە زمان هەمیشە بەشێکی گرینگی کاری نووسەر بووە. ئەمە بەتایبەت لەناو فەیلەسوفە رۆمانسییەکانیشدا باو بووە. زۆر جار نووسەر پێیوایە حەقیقەت ئاڵۆزترە لەوەی بە رستەی سادە خۆی بەدەستەوە بدات، بۆیە پەنا دەبەنە بەر رستە و چێکردنی مانای ئاڵۆز و دژوارخۆبەدەستەوەدەر. ئەمەیش بەڕای من پێویستە و بەشێکە لە کاری ئەدەب. چونکە ئەدەب بەردەوام سنوورە باوەکانی زمان دەشکێنێ و هەوڵ دەدات زمان و مانای تر بخوڵقێنێ. ئاڵۆزی، هەندێ جار پێویستە، چونکە قاڵبی زەینی خوێنەر دەشکێنێ و فێری دەکات زیاتر لەگەڵ وشە و پێوەندیی نێوانیان لە دەقدا کار بکات. سەیر ئەوەیە ئەو رستانەی کە زەمەنێک پێمانوابووە ئاڵۆزن، لە دوای چەند ساڵێک دەبینین سادە دەنوێنن! واتە ئاڵۆزییش مانایەکی رێژەیی هەیە.

**رووداو: ئایا ئەدەبی پۆستمۆدێرن کاریگەریی لەسەر چیرۆکی کوردی هەبووە؟ یان چیرۆکی کوردی چۆن خۆی ئاوێتەی ئەدەبی پۆستمۆدێرن کردووە؟**

**فەڕووخ:** بە رای من ئەم کارلێکەرییە هەیە، بەڵام من گومانم لەوە هەیە کە بە مانای راستەقینەی خۆی ئێمە خاوەن وەها مانایەک بین. مەگەر ئەوەی کە نووسەر چەند مەرج هەیە پێی گەیشتبێ. مەرجەکانیش ئەمانەن:

- نووسەر دەبێ وازی لە باوەڕهێنان بە حیکایەتە گەورەکانی وەک ئایدیۆلۆژییە مەزنەکان هێنابێ.
- دەبێ جۆرێک لە مێتائەپستمۆلۆژی لە زەینیدا دروستبووبێ، واتە بتوانێ لە دەرەوەی چوارچێوەکانی ئەو "ناسین"ـەی خۆی خاوەنیەتی، راوەستابێ.
- مەلەوانێکی باشی نێوان بیروڕا جۆربەجۆرەکان بێت.
- شارەزای تەکنیکی کۆن و نوێ بێ بۆ ئەوەی بتوانێ لە کاتی نووسیندا تێکەڵیان بکا.

لە کۆمەڵگایەکدا هێشتا ئاوێتەی حیکایەتە گەورەکانە، واتە بەتایبەت باوەڕی بە ناسیۆنالیزم هەیە (ئەمەیش من نرخی لەسەر دانانێم، تەنیا دەمەوێ بڵێم کە دیاردەیەکە و هەیە)، چلۆن دەتوانێ ئەدەبی پۆستمودێرن بە مانای راستەقینەی خۆی شکڵ بگرێ؟

من پێموایە ژێرخانەکانی مەعریفە و سیاسەتی کوردی لەو ئاستەدا نین کە بە پان و بەرینی ئیزنی وەها شتێک بدەن. بۆیە دەبینین نووسەری کورد جاروبارە هەوڵ دەدا هەندێ رەگەزی پۆستمودێرنی بخاتە ناو چیرۆکەکانییەوە، بەڵام بەردەوام خەریکی گێڕانەوەی حیکایەتە گەورەکانە. چیرۆکنووسی کورد هێشتا لە دووانەی (من/ دوژمن) دا دەژی، بۆیە هێشتا خاوەن زەینێکی مۆدێرنە، نەک پۆستمۆدێرن.

**رووداو: ئەی ڕەخنەی کوردی توانیویەتی لەگەڵ هەڵزنانی چیرۆک بە باڵای گێڕانەوەدا، هەنگاو بنێت؟**

**فەڕووخ:** بە هیچ جۆرێک. لەگەڵ رێزم بۆ ژمارەیەکی یەکجار کەمی رەخنەگران بەداخەوە ئێمە هێشتا لەمانای شیاوی خۆیدا خاوەن رەوتێک بەناوی رەخنەی چیرۆکی کوردی نین. رەخنەگری کوردی زۆرینەیان هێشتا لەناو بازنەکانی خزم خزمێنە، دۆستایەتی، حیزبایەتی، ئایدیۆلۆژیا، ناوچەگەری و هتد سەرموقلات لێدەدەن و گیرۆدەی ناوە ناسراوەکانن.

هەڵبەت لەخۆوەیش نییە رەخنەی کوردیمان نییە. بۆ ئەوەی رەخنەمان هەبێ دەبێ چەند مەرج لەئارادا بن:

- شارەزایی بەسەر قوتابخانەکانی ئەدەبدا.
- خوێندنەوەی ناوەڕۆکیانەی بابەت.
- توانای گرێدانی بابەت بە مێژووەوە.
- زاڵبوون بەسەر فەلسەفە و کۆمەڵناسیدا.

من لە تۆ دەپرسم. ئێمە چەند کەسمان هەیە بەم تایبەتمەندییانەوە؟

**رووداو: ئەی چیرۆکی کوردی لە کوێی چیرۆکی دونیادایە؟**

**فەڕووخ:** بە رای من ئەدەبی کوردی خاوەن چیرۆکی باشە. بەڵام چونکە لە ئاستی بەرین و پێویست وەرنەگێردراوەتە سەر زمانەکانی تر، نازانین و ناتوانین بڵێین لەکوێدا راوەستاوە. ئێمە زەمانێک ئەمە دەزانین کە لە چۆنیەتی کاردانەوەی خوێنەری بێگانە ئاگادار بین. ئەمە رەوتێکە کە لە مانای واقیعی خۆیدا هێشتا دەستی پێنەکردووە، بۆیە چیرۆکی ئێمە هێشتا بە گشتی لۆکاڵی ماوەتەوە. پەڕینەوە لە لۆکاڵەوە بۆ دونیا پردێکە چێکراو بەر لە هەر شتێک، لەوەی کە نووسەری کورد دەبێ لەناو ماڵی خۆیدا بە جیددی وەربگیردرێ. لە دونیای کوردیدا بە داخەوە سیاسەت ئەوەندە زاڵە کە ناهێڵێ نووسەر وەک نووسینەکەی ببینرێ. دونیای کوردی بۆ نووسەران بەتایبەت زۆر بێڕەحمە. کەس بە قەدەر نووسەری کورد تەنیا نییە.

### تەوەری (چیرۆک)

ژانری چیرۆک پەیوەندییەکی بنەڕەتی بە هونەری گێڕانەوەوە هەیە، بۆیە لە زۆربەی ژانرەکانی دیکەی ئەدەبدا هەیە. ئاخر ژیان خۆی چیرۆکێکی درێژە، یان ئەگەر لە ڕوانگە ئایینیەکانەوە لە ژانری چیرۆک بڕوانین، ئەوە ژیان چیرۆکی سەفەرێکە. ژیانی هەر یەکێکیشمان بۆ خۆی چیرۆکێکە، کەواتە چیرۆک لە زۆربەی ژانرەکانی دیکەی ئەدەبیاتدا هەیە و هەندێکیان تەنانەت بەبێ ڕەگەزی چیرۆک ناتوانن هەبن. بۆ نموونە کام شانۆنامە هەیە ڕەگەزی چیرۆکی تێدا نەبێت؟ ئایا دەشێت بیرەوەری بنووسینەوە و ڕەگەزی گێڕانەوەی چیرۆکمان نەبێت؟ کام ڕۆمان هەیە چیرۆکی تێدا نەبێت؟ زۆر جاران شیعرێکی کورتیش چیرۆکێکی درێژی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، کەواتە دەپرسین: چیرۆک چییە؟ بۆچی ئێمەی مرۆڤ پێویستمان بە چیرۆکە؟ ئایا هەمووومان بوخچەیەک یان کۆگایەک نین لە چیرۆک؟ بوونی ئەو هەموو چیرۆکە لە ژیانماندا پێویستی بە چییە بۆ گێڕانەوە؟ ئایا هونەری گێڕانەوە چییە؟

سازدانی: غەمگین بۆڵی

ئەدەب بەردەوام سنووره باوەکانی زمان دەشکێنێ و هەوڵ دەدات مانای تر بخوڵقێنێ

# چل ڕێساکەی عەشق...

## ڕێساکانی ڕزگارکردنی نەفس

■ میران قادر ئەحمەد

گەر ئەوین لە مانا گشتییەکەیدا گێڕانەوەی چیرۆکی وابەستەبوونی رۆحی دوو ئینسان بێت بە یەکتر، ئەوا لە تێگەیشتنە ئاینی و رۆحانیەکەیدا مانا و دەلالەتی قووڵتری هەیە کە خۆی دەبینێتەوە لە وابەستەبوونێکی رۆحیی سەرمەدیی تاک بە عەشقی ئیلاهییەوە، بەجۆرێک کەسی عاشق لەهەوڵی بەردەوامدایە لەپێناو پڕکردنی کاسەی ئەوینی خۆی بۆ مەعشوقەکەی کە خواوەندە، بۆ پەیبردن و بڕینی قۆناغەکانی ئەم ئەوینەش ئەویندار پێویستی بەخاڵیکردنەوەی رۆحی هەیە لەتەواوی ئەو گەرد و بەربەستانەی ئاستەنگن لەبەردەم گەیشتن بەدوا هەنگاوەکانی ئەم چێژە رۆحیە نەبڕاوەی کە خۆی لەعەشقی تاکلایەنەی خوداوەنددا دەبینێتەوە.

لەڕۆمانی (چل ڕێساکەی عەشق )دا نووسەری تورک (ئەلیف شەفەق) ئاشنامان دەکات بەو ڕێسایانەی پێشمەرجن بۆ گەیشتنە ترۆپکی ئەو عەشقە خواییەی تەنها نوخبەیەک لە سۆفی و عاریفان لە سەردەمە جیاوازەکاندا توانیویانە لەنێو بەحری ئەو ئەوینە رۆحانییەدا مەلە بکەن، هاوکات و لەڕێگەی باسکردنی چیرۆکی بەیەکگەیشتنی شەمسی تەورێزی و مەولانا جەلالەدینی ڕۆمییەوە تیشک و سەرنجی زیاتر دەخاتە سەر ڕێگەکانی پاکبوونەوەی ڕۆح و ڕاگەیاندنی شەڕ دژ بەو خواستە شەیتانیەی دەیەوێت نەفسی ئینسان وەک یەکەیەکی گوناهکاری قازانجویستی ئارەزووپەرست بهێڵێتەوە و لەمپەر لەبەردەم ڕێگەکانی پەیوەندی لە نێوان ڕۆحی مرۆڤ و خوادا دروست بکات، بەگوێرەی گێڕانەوەی دەقەکانی ڕۆمانەکە، شەمسی تەورێزی کوڕی خانەوادەیەکی مامناوەندی موحافیزکاری شاری تەورێزی ئێرانە و هەر لە منداڵییەوە لەڕێگەی بینین و گێڕانەوەی خەونە سەیرەکانیەوە خێزانەکەی دەخاتە بەردەم ڕاڕایی و گومانێکی زۆرو لە ئاکامیشدا لەژێرکاریگەریی ئەو فشارانەی دەخرانە سەری، بڕیاری جێهێشتنی خێزانەکەی دەدات و وەک سۆفیەکی گەڕیدە و لێکدەرەوەی خەونەکان، گەشتی شارو وڵاتە جیاوازەکان دەکات و دەبێتە خاوەن ئەزموونێکی قووڵ لە بوارەکانی ئەستێرەناسی و زانستی کەلام و لۆژیک و گەردووناسی. خەونی شەمس کارکردن بوو بۆ ڕزگارکردنی نەفس لە بارتەقای ئەو حەزە شەیتانیەی دەیویست ڕۆحی ئینسان وەک ئەڵقەیەکی تەماعکاری گوێ لەمستی کۆنترۆڵکراو بمێنێتەوە، هەرچی پەیوەستە بە مەولانای ڕۆمییەوە، ئەو کوڕی خێزانێکی ئەفغانییە کە دواتر کۆچ دەکەن بۆ شاری قۆنیای تورکیا و خێزانەکەی دەبێتە خاوەن پێگەیەکی ئاینی و سیاسیی گەورە و مەولاناش لەڕێگەی وتارەکانیەوە دەبێتە جێگەی ڕێزو خاوەن هەژموونی ئاینیی گەورە لەسەرئاستی دانیشتووانی ناوچەکەی خۆی، بەڵام تا پێش ناسینی شەمس ناتوانێ درک بەئازارو مەینەتییەکانی کەسانی دەوروبەری بکات، هەرئەمەش هۆکار دەبێت بۆ ئەوەی بەردەوام هەست بە بۆشاییەکی ڕۆحی بکات و وێڵی دۆزینەوەی نیوە ونبووە ڕۆحیەکەی خۆی بێت، ڕێساکانی عەشق باسکردنە لەو ڕێگەیانەی پردی پەیوەندی دروست دەکەن لەنێوان خوا و بەندەکانی، لە ڕوانینی شەمسدا سرووتە ئاینییەکان ناتوانن سنووری ڕووکەشی ئینسان ببڕن، هەربۆیە پێیوابوو بڕواداری ڕاستەقینە دەبێت دەست بە گەشتێکی ئیمانی ڕۆحانی بکات ڕووە و ناواخنی خۆی و زاڵ بێت بەسەر ئەو ئارەزووبازی و تەماعە دونیاییانەی ئینسان وەک کۆیلەی حەزەکانی دەهێڵنەوە، هەروەها بۆ گەیشتن بەدوا پلەی سۆفێتی، دەبێت تاک سەرباری فەرامۆشکردنی ئارەزووەکانی، بە قۆناغەکانی بەرەنگاربوونەوەی نەفس و قوربانیدان بە غەریزەکانی و پشتکردنە چێژەکانی دونیادا تێپەڕبێت لەپێناوی مسۆگەرکردنی بەختەوەرییەکی ڕۆحیی جاویدان و نەبڕاوە، بەڵام پێچەوانەی ئەم بیرکردنەوەیە، ڕۆمی وای دەبینێ کە عیبادەت و ئەرکە ئاینییەکان دیاریکەری باوەڕی ڕاستەقینەی تاکەکانن، هەربۆیە تا پێش ناسینی شەمس، سنووری پەیوەندییەکانی تەنها لەگەڵ ئەو کەسانەدا بوو کە ئامادەی سرووت و ڕێوڕەسمەکانی مزگەوتەکەی بوون، بەڵام پاش ناسینی شەمس، گۆڕانێکی جەوهەری بەسەر تێڕوانینە ئاینییەکانیدا هاتن کە ڕۆژ دوای ڕۆژ بازنەی پەیوەندییەکانی مەولانای بە موسوڵمان و هاموشۆکەرانی مزگەوتەکەیەوە بەرتەسکتر دەکردەوە، شەمس توانی هەژانێکی کاریگەر لە ڕوانینەکانی ڕۆمیدا بخوڵقێنێ و هەر ئەمەش پاڵنەر بوو بۆ پشتکردنە دۆستایەتی دەسەڵاتداران و توێژی باڵادەستی ئەوکاتەی خەڵکی ناوچەکەی خۆی و لەژێر کاریگەریی ڕاوێژەکانی شەمسدا گەڕایەوە بۆ ئامێزی ئەو زۆرینە مافخوراو و پەراوێزخراوەی دڵڕەقی زەمەن و ستەمی دەسەڵات خستبوونییە پەراوێزی ژیانەوە.

شەمس پێیوابوو لەپشت هەر ڕوخسارێکی ستەمکارو تاوانکارەوە دەکرێت نەفسێکی میهرەبانی هاوتەریب بەعەشقی خواوەند خۆی حەشاردابێت. لەژێر کاریگەریی ئەم ڕوانینەشیدا دژی دابەشکردنی کۆمەڵگە بوو بۆ بەرەی کوفر و ئیمان، چونکە بەڕای ئەو زۆرجار بارودۆخێک لە دەرەوەی ویست و دەسەڵاتی ئینسان پاڵنەرن بۆ ئەنجامدانی تاوان، ڕۆمانەکە لەڕووی سیاقەوە گێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژووییە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوانزەی زاینی، بەڵام تێکەڵ بە ڕووداوگەلێک کراون کە مێژووەکەیان بۆ سەدەی بیست و یەکەم دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکە باسکردنە لە ڕێگەکانی بەدەستهێنان و مسۆگەرکردنی عەشقی خواوەند.

بەڵام لە پەراوێزەکەیدا باس لە چیرۆکی خۆشەویستیی ژن و پیاوێکیش دەکات کە هەریەکەیان کوڕی ژینگە و دابەشبوونێکی جوگرافیی جیاوازن و هەریەکەشیان سەر بە توێژێکی جیاوازی دوو کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایین، ئەویش خۆشەویستی (ع. ز. زاهارا) یە کە کەسێکی بە ڕەچەڵەک سکۆتلەندیی نیشتەجێی هۆڵەندایە و پاش نووسینی ڕۆمانی (کفری شیرین) کە باس لە بەیەکگەیشتنی شەمس و مەولانا دەکات، دەستنووسی ڕۆمانەکەی دەنێرێت بۆ ژنێکی ئەمریکی بەناوی (ئێلا) بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبی بۆ ناوەڕۆکەکەی بکات و دواترو لەڕێگەی ئاڵوگۆڕی نامەی نێوانیانەوە پەیوەندییەکی خۆشەویستیی قووڵ لەنێوانیاندا دروست دەبێت و سەرئەنجامەکەشی بە هاوسەرگیری تەواو دەبێت. هەوڵەکانی شەمس ڕاگەیاندنی جەنگ بوو دژ بە خواستی ئەو کەمینە موحافیزکارەی ناکۆک بوون لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ڕۆڵی زانایان و دامەزراوە ئاینییەکان لە ڕێکخستنی ژیانی گشتی و سەرئەنجام لە هەوڵێکدا شەمس کرا بە قوربانی ئەو تێگەیشتنە نوێیە و بەمەش ڕۆڵی ڕۆمی لە وتاربێژی مزگەوتەوە گۆڕا بۆ شاعیری عەشق و جوانی.



# کێ دەتوانێ تەنز بنووسێ؟



■ خالۆ رەئوف

له نووسینێکی  دیکەدا باسی ئەو لەمپەرانەم کردبوو کە دێنە بەردەم تەنز/تەنزنووس، لێرەدا بە کورتی باسی ئەوە دەکەم کە کێ دەتوانێ تەنز بنووسێ. کەسێک دەتوانێ تەنز بنووسێ کە:

*شارەزای زمان بێ: کەسێک کە وشە و دەستەواژە و چەمک و ...ی ئەو زمانەی کە دەیەوێ تەنزی پێ بنووسێ شارەزا نەبێ، ناتوانێ بە باشی مەبەستەکەی خۆی بگەیەنێتە بەردەنگ و ناتوانێ دەقێکی باش بخولقێنێ.

* شارەزای فۆلکلۆر بێ: فولکلۆر پڕیەتی لە بەسەرهات و پەند و قسەڵۆک و توانج. ئەزموونی گەلە و کاری نووسەران ئاسان دەکاتەوە. بۆ نموونە تەنزنووس دەتوانێ بە دەسکاریکردنی پەندێکی پێشینان، هەم مەبەستەکەی خۆی بگەیەنێتە بەردەنگ، هەم پەیوەندیی نێوان دەقەکەی خۆی- کە دەکرێ دەقێکی نوێ و سەردەمیانە بێ- و پەندی پێشینان، پتەو بکا و چێژێکی زۆرتری تێدا دروست بکا.

* بەپێی توانا شارەزای زاراوەکان بێ: زاراوە و بنزاراوەکان دەتوانن ببنە هۆی جوانترکردنی دەقەکە، بەڵام پێویستە تەنزنووس ئاگای لە زمانی یەکگرتوو بێ و بۆ دەوڵەمەندکردنی کەڵک لە زاراوە و بنزاراوەکان وەربگرێ. (پێموایە نووسینی چیرۆک و شیعر و تەنز بە زاراوەکان، لە ئاکامدا دەبێتە هۆی پتەوکردن و دەوڵەمەندکردنی زمانی یەکگرتوو، بەڵام پێویستە وتار و لێکۆڵینەوەکانمان بە زمانی یەکگرتوو بنووسین).

* شارەزای  مێژووی نەتەوەی خۆی بێ: شارەزایی لە مێژووی نەتەوەکان و بەتایبەتی نەتەوەی نووسەر خۆی، لە کاتی نووسینی تەنزی ژۆرنالیستیدا یارمەتیدەرێکی باشە و ئەگەر تەنزنووس بیهەوێ چیرۆکی تەنزی مێژوویی بنووسێ، پێویستە لانیکەم سەبارەت بە ڕووداوە گرنگەکانی مێژوو و کەسایەتییە گەورەکان خوێندبێتیەوە.

* شارەزای ئەدەب بێ: خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکان- بە تەنز و بەشەکانی دیکەیەوە- بۆ تەنزنووس پێویستە. هەندێجار پێویستە لە دەقێکی تەنزدا جوانکارییەکی ئەدەبی بهێنرێتەوە، لێرەدا شارەزایی پێویستە. هەڵبەت با ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە کەسێکی وەکوو سەعدی شیرازی لە بەرهەمەکانیدا و بەتایبەتی لە گوڵستانەکەیدا تەنزی جوانی هەیە، بەڵام بەهۆی زاڵبوونی جوانکاریی ئەدەبی و...هتد، تەنزی سەعدی بە شاراوەیی ماوەتەوە و تەنها لەم دواییانەدا و لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکاندا ئاوڕی لێ دراوەتەوە و نەبووەتە هۆی ئەوەی سەرنجی خوێنەرانی تەنز بە زۆری ڕابکێشێ، کەواتە نابێ تەنزنووس خۆی بە نووسینی دەقێکی پڕ لە جوانکاریی ئەدەبییەوە خەریک بکا، بەڵکو پێویستە دەقێکی سادە و جوان بخولقێنێ.

* شارەزای کولتووری نەتەوە بێ: نووسەر ئەگەر ئەو شارەزاییەی نەبێ، لەوانەیە لە دەقێکیدا – بێ ئەوەی بیەوێ- سووکایەتی بە نەریتێک بکات و لە جیاتی ئەوەی گرێیەک بکاتەوە، کۆسپێک لەبەردەم خۆیدا دروست بکات.

* فیلم و شانۆی کۆمیدی ببینێ: بینینی ئەو بەرهەمانە دەبنە هۆی ئەوەی کە نووسەر بتوانێ زمانی نووسینەکەی وا لێ بکات کە خوێنەرەکانی ماندوو نەبن و بە ڕستەی سادە و زمانێکی پاراو، دەق بخولقێنێ. ئەو بەرهەمانە- کە بەشی زۆریان بە جووڵە و دیکۆر و جلوبەرگ و ...هتد پەیامەکانیان دەنێرن بۆ بەردەنگ، نووسەر ڕادێنن کە بە کەرەستەکەی خۆی- کە قەڵەمەکەیەتی و ئێستا بووەتە کۆمپیتەر، وشەکان باشتر کۆنترۆڵ بکا و باشتر لەگەڵ بەردەنگەکانیدا پەیوەندی دروست بکا.

* پێویستە بتوانێ جۆرێکی دیکە ببینێ: شانۆکار کە گرفتێک دەبینێ، وەکوو شانۆکار سەیری دەکا و ڕەنگە هەوڵ بدا بە شانۆییەک چارەسەرێک بۆ گرفتەکە بدۆزێتەوە، یا زەقی بکاتەوە و بە شێوەیەکی هونەری بیخاتە بەرچاوی بینەران. تەنزنووسیش پێویستە بە جۆرێکی جیاوازتر لە خەڵکی ئاسایی و تەنانەت بە شێوەیەک جیاوازتر لەو کەسانەی وتار دەنووسن، دیاردەکان و گرفتەکانی ناو کۆمەڵ ببینێ و وەکوو تەنز بیاننووسێتەوە. ئەگەر نەتوانێ جیاواز بیانبینێ- جیاوازێک کە لە ڕۆژنامەنووس و وتارنووسی جیا بکاتەوە- ناتوانێ بەرهەمێکی تەنز بخولقێنێ، چونکە تەنز هەم پێویستی بەوەیە کە بزەیەک بخاتە سەر لێو، هەم پێویستە ڕەخنەیش بگرێ.




# سینەمای نەتەوەیی کوردی و

# ”ساتێك بۆ مەستیی ئەسپەكان“



■ پەری کەریمی نیا*

* خوێندکاری ماستەر لە بواری ئەدەبیات و سینەما لە زانکۆی یۆرک ـ بەریتانیا

بەشی دووەم

بواری ئابووری دوا چەمکی سینەمای نەتەوەییە. ”ساتێک بۆ مەستیی ئەسپەکان“ لە دێهاتێکی بچووکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرهەمهاتووە کە ناوی سارداوە. دەرهێنەر، نووسەر و بەرهەمهێنەری فیلمەکە هەر بەهمەن قوبادییە. کەواتە وەکوو بەرهەمهێنەرێک، قوبادی بۆ خۆی دەسەڵاتی هەبووە لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە و نمایشی فیلمەکەدا. ئەوە بەهمەن بۆ خۆی بووە کە بڕیاری داوە فیلمەکە چۆن و لە کوێ نمایش بکرێت. لە ئاکامدا ئەو فیلمە ئەو هێزە شاراوەیەی تێدا بەدی دەکرێت کە وەکوو فیلمی نەتەوەیی سەیر بکرێت، چونکە بەهمەن قوبادی بۆ خۆی ڕێکخەری بەشی ئابووری و بڕیاردەری فیلمەکە بووە . لە ڕاستیدا پێناسەی سینەمای نەتەوەیی دەتوانرێت بخرێتە بەر تیشکی زیاتر و بنەماکەی بدرێتە بەر ڕەخنە . ئەو ڕەخنەیە کە پێناسەی سینەمای نەتەوەیی لەسەریەتی، ئەوەیە کە ئەو سینەمایە وڵاتانێک دەگرێتەوە خاوەنی دەوڵەت بن، دە وڵەت ـ نەتەوە ، نەک بێدەوڵەت ـ نەتەوە. کورد نەتەوەیەکە، بەڵام خاوەنی دەوڵەتی خۆی نییە. بۆ ئەوەی بە نەتەوەیەک بگوترێت خاوەن دەوڵەت، دەبێ ئەو نەتەوەیە خۆی دەوڵەتی خۆی بەڕێوە ببات.

پێموایە ئەمە کاتێکی باشە بۆ ئەوەی پێناسەی سینەمای نەتەوەیی بدرێتە بەر ڕەخنە، ئەو سینەمایەی کە گرێدراوە بە دەوڵەتەوە.

بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی چەمکێک بە ناوی دەوڵەت- نەتەوە لەئارادا نەبوو.هانا ئارێنت کەبیردارێژێکی رامیارییە، لە کتێبی ”بنچینەکانی تۆتالیتاریزم- 1985“ چەمکی دەوڵەت ـ نەتەوە دەداتە بەر ڕەخنە. هانا ئارێنت بڕوای وایە کە ئەوە تەنیا دەوڵەتە بوونی نەتەوەیەک پێناسە دەکات و ئەمە پێچەوانەکەی ڕاست نییە. دەوڵەت چەمکێکی ئابستراکتە، بەڵام دەسەڵاتی بەسەر نەتەوەدا هەیە ، هەرچەندە نەتەوە چەمکێکی ڕاستەقینە و زیندووە. نەتەوە کەسانێک دەگرێتەوە کە خاوەنی زمان، رەگەز، مێژوو و چارەنووسی هاوبەش بن. کەواتە بۆ ئەوەی نەتەوەیەک بە دەوڵەت بناسرێت، دەبێت خاوەنی ئەم خاڵە هاوبەشانەی سەرەوە بێت، نەک ئەوەی کە بەپێی بەرژەوەندیی رامیاری ئەو کۆبەندییە ئەنجام بدرێت. کۆبەندییەک کە بە قازانجی نەتەوە نییە. کەواتە ئەگەر گرووپێک خەڵک خاوەنی خاڵی هاوبەش لەگەڵ نەتەوەی سەرووتر یا نەتەوەی زۆرینە نەبن، دەوڵەت ـ نەتەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانێت هەڵسوکەوتی جیاواز بۆ ئەو نەتەوە کەمینەیە لەبەر بگرێت و بیانچەوسێنێتەوە“. ڕێککەوتننامەی کەمینە، زاراوەیەک کە ئارێنت لەم هەلومەرجەدا بەکاری دەهێنێت. ئارێنت شیی دەکاتەوە کە ”تەنیا کەسی نەتەوەیی دەتوانێت وەکوو شارۆمەند ناوزەد بکرێت و دەتوانێت چێژ لە پاراستنی تەواوی ڕێکخراوە یاساییەکان وەربگرێت ”... تەواوی ئەو نەتەوانەی دیکە کە لە ناو ئەو دەوڵەت ـ نەتەوەیەدا دەژین، هەندێ یاسای هەڵاواردن دەیانگرێتەوە هەتا ئەو کاتەی ئەوان بە تەواوی لە بنەڕەتی خۆیان تەریک بکەونەوە و وەکوو جوودابوونەوە و تەڵاق لە بنچینەی خۆیان تەڵاق وەربگرن.“

بەپێی بیردۆزی هانا ئارێنت، خەڵکی کورد بە شارۆمەندی پلە یەک دانانرێن و ئەو مافەیان لێ زەوتکراوە کە لە خاکی خۆیاندا خاوەنی مافی تایبەت بە خۆیان بن. پێناسەی سینەمای نەتەوەیی دان بە سینەمای کوردی بێدەوڵەتدا نانێت. کەواتە ئەو پێناسەیە بە باشی کار ناکات و کێشەی هەیە و دەبێت لە سەرەتاوە پێناسە بکرێتەوە. چونکە بەپێی ئەم چەشنە هەڵاواردنە، کورد بەردەوام بەپێی میژوو خەریکی شەڕکردن بۆ وەرگرتنی مافی ڕەوای خۆی بووە. کورد بەو ئەنجامە گەیشتووە کە سینەماش دەتوانێت بوارێکی گەورە و باش بێت بۆ ئەوەی وەک ئاوێنەیەک، بێدەوڵەتیی نەتەوەی کورد پیشان بدات.

نموونەی هەرە زیندوو دەتوانێت بەهمەن قوبادی بێت. یەکێک لەو ڕێگایانەی کە نەتەوە بێدەوڵەتەکان دەتوانن سەرلەنوێ پێناسەی سینەمای نەتەوەیی بکەنەوە، ئەوەیە کە ئەوان بێن و خۆیان و نەتەوەکەیان بەپێی بیروڕا و بۆچوونی خۆیان پێناسە بکەنەوە، نەک لە گۆشەنیگای کەسی غەوارەوە.

بۆ نموونە، نەتەوەی کورد لە گۆشەنیگای فیلمی ئێرانییەوە، وەکوو تیرۆریست وێنا کراون. لەم دواییانەدا، ئیبراهیم حاتەمی کیا دەرهێنەری ئێرانی، فیلمێکی بەرهەمهێناوە لە ژێر ناوی ”چ“ . ئەم فیلمە پووڵ و پارە و لایەنگرییەکی بەربڵاوی لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە وەرگرتووە. فیلمەکە لەبارەی ڕابوونی کوردی ڕۆژهەڵاتە لە ساڵی 1358ی هەتاوی لە شاری پاوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. حاتەمی کیا هاتووە کوردی وەکوو تیرۆریست وێنا کردووە. کورد لەو فیلمەدا ئەم تایبەتمەندییانەی دراوەتە پاڵ: دڵڕەق، سمێڵ گەورە، شەڕانگێز و وا دەنوێنرێن کە بازرگانی بە شەڕەوە دەکەن، بێهێزن و خووخدەی شەیتانی و هەڵسوکەوتی نەشیاو دەگرنەبەر.

قوبادی لە  فیلمی ”ساتێک بۆ مەستیی ئەسپەکان“ دا ڕووبەڕووی ئەم شێوە ڕوانینەی دەرهێنەری ئێرانی دەبێتەوە. قوبادی کورد بەم شێوەیە پێناسە دەکات کە نەتەوەیەکن خاوەنی کێشەی ئابوورین و مەجبوورن بۆ بژیویی ژیانی خۆیان، ژیانیان بخەنە سەردەست و تەنانەت ژیانی قاترەکانیشیان بخەنە مەترسییەوە. گۆشەنیگای قوبادی لەسەر کورد ئەوەیە کە کورد نەتەوەیەکی بێتاوانە و لە نابەرابەری و بێمافیدا ئازار دەچێژێت. کورد لە فیلمەکەدا تەنانەت سروشتیش بەرانبەری دڵڕەق و بێبەزەییە و لە شاخوداخێکی ڕەقوتەق و دژوار و لە ناو بەفرێکی زۆر و قورسدا قەتیس ماون.

فیلمی ” چ ” وەک نموونەیەک زۆر بە روونی ئە وە دەردەخات کە سینەمای ئێران، کورد وە ک غەوارە و دوژمن سەیر دەکات. کەواتە ئەوە ئەستەمە کە چاوەڕوانی گۆشەنیگایەکی یەکسانخوازانە و دادپەروەرانە لەم سینەمایە بین.

# چەندە کات بۆ تێگەیشتن لە کارێکی هونەری پێویستە؟

■ ئایزاک کاپلان

■ لە ئینگلیزییەوە: ساڤان ئاکۆ

یەکێک لە بەرپرسیارێتییەکانی من ئەوەیە کە پرسیارە هونەرییە مێژووییەکانی لەم جۆرە بورووژێنم: ”چەندە کات بۆ ڕوانین و تێگەیشتن لە کارێکی هونەری پێویستە؟“

وەڵامی ئەم پرسیارە بە جۆرێک نییە کە بڵێین زانایان سەلماندوویانە کاتی دیاریکراو بۆ ڕوانین و تێگەیشتن لە کارێکی هونەری چوار خولەک و هەشت چرکەیە، بەڵکو وەڵامەکە بابەتییە و دەکەوێتەوە سەر کارە هونەرییەکە. بە هەمان شێوەش دەکەوێتە سەر ئەوەی کە کەسەکە لە شیکردنەوەی وێنە بینراوەکاندا چەندێک پسپۆڕە.

دەشتوانین بەگشتی بڵێین ئەو ماوەیەی کە تێیدا لە کارە هونەرییەکان دەڕوانین، زۆر نییە، بەڵام لێکۆڵینەوەکان پیشانی دەدەن کاتی ئاسایی کە بینەران لە گەلەرییەکاندا بۆ ڕوانین لە کارێکی هونەری بەسەری دەبەن، لە نێوان پازدە بۆ سی چرکەدایە و ئەوە کاتێکی زۆرە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە کارەکە دەیەوێت چی بگەیەنێت، بەڵام ئەو کاتە بەس نییە بۆ تەواو ئەزموونکردنی کارەکە.

جەیمس پۆلسکی، بەڕێوەبەری پەروەردە لە زانکۆی سایکۆلۆژیای پۆزەتیڤ لە پێنسیلڤینیا، ڕوانینی کەسێکی بۆ کارێکی هونەری بە ناو گەلەرییەکدا بە ئەزموونی گەڕان بە ناو کتێبخانەیەکدا بەراورد کرد. ئەو بۆ گۆڤاری نیویۆرک تایمز دەڵێت: ”کاتێک دەچیتە کتێبخانەیەکەوە، ناچیت بە هەموو ڕەفەکاندا بگەڕێیت، سەیری ناونیشانی گشت کتێبەکان بکەیت و لە ڕێگەی هاتنەدەرەوەتدا بڵێیت کە ئەمڕۆ سەد کتێبت خوێندووەتەوە! لێرەدا مەبەستەکە ئەوەیە کە بینەران دەتوانن بچنە گەلەرییەکان و سەیری سەدان کاری هونەری بکەن و بێنە دەرەوە، بەبێ ئەوەی لە ڕاستیدا لە هیچیان ڕوانیبێت.“

کاتێک وانەی دەگوتەوە، خوێندکارەکانی دەبردە ڕێکخراوێکی هونەری و داوای لێ دەکردن ماوەی بیست خولەک سەیری یەک کار بکەن. لە دەرئەنجامدا ئەمە نەک هەر نرخی هونەر لای ئاکەکان بەرز دەکاتەوە، بەڵکو دەشتوانێت بە هەمان ڕادەی تێڕامان کاریگەریی هەبێت.

توێژینەوە لە کارێکی هونەری بۆ ماوەی بیست خولەک و نەکردنی هیچی تر لەو ماوەیەدا، بەشێکی گرنگی تێگەیشتنە لەوەی کە چی لە ناویدا خۆی حەشار داوە. خوێندکارانی مێژووی هونەر کە داوایان لێ کراوە خوێندنەوەیەکی بەو جۆرە نزیک بۆ کارێکی هونەری بکەن، دەزانن کە تابلۆیەک جگە لە چوارچێوەکەی، چەند شتی تر لە خۆیدا هەڵدەگرێت. فیل تێری، دروستکەری ڕۆژی هونەری لەسەرخۆ، کە بانگەشەی ئەوە دەکات بینەران لەسەر کارەکانی مۆزەخانە و گەلەرییەکان بوەستن و بیانپشکنن. دەڵێت: ”بەگشتی کەسانی ناو جیهانی هونەر دەزانن ڕوانین لە کارێکی هونەری بۆ ماوەی زیاتر لە حەوت چرکە، دەکرێت چەند بەهێز بێت. هەر بۆیە ئەم ڕۆژەم دروست کرد، چونکە هەموو کەسێک ئەوە نازانێت. پێویستیی پرۆگرامێکی وەک ڕۆژی هونەری لەسەرخۆ، بەرهەمێکە بۆ نەوەی دیجیتاڵی ئێمە.“

لە کۆتاییدا هیچ کەسێک بڕیارت بۆ نادات کە بە چ خێرایییەک بە ناو گەلەرییەکدا بڕۆیت، تەنها خۆت نەبیت. دەتوانیت بۆ کارێکی هونەری دە خولەک تەرخان بکەیت، یان دەتوانیت بۆ زیاتر لە سەعاتێک تێی ڕابمێنیت، یاخود دەکرێت بەرانبەر کارێک بوەستیت و تەواوی ئێوارەکەی لەگەڵ بەسەر ببەیت؛ بڕیارەکە لای خۆتە.

سەرپەرشتیار: بژار حەکیم